

## چیرۆکی ژیانم



# تەنیا 13 ساڵ بووم

**بەشی یەکەم**

**ڕۆژە دیاربەکری**



وەك هـەر منداڵێکی دیکـە دەیـان ئـارەزووم هـەبوو. حـەزم بەخوێنـدن دەکرد. خوێندکارێکی زیرەكو گوێڕایەڵ بووم. بۆ تاقیکردنـەوەی کۆتـایی سـاڵ خۆم ئامادە دەکرد. هـاوپۆلێکی زیرەکم لەگـەڕەکی خۆمـان هـەبوو، لەوانـەی ماتماتیك لـەمن زیرەکتر بـوو. بـەهیوای ئـەوەی کـەمێ هاوکـاریم بکـات، بـەرەو مـــاڵی ئـــەوان ڕۆیشـــتم. هێشـــتا نەگەیشتبوومە ماڵیان، کابرایەکی تەمـەن 35 سـاڵان لەبـەر دەرگـەی ماڵێـك ڕاوەسـتابوو. ئـەو ماڵـە دراوسـێی مـاڵی هاوپۆلەکـەم بـوو. مـن نەمـدەزانی ئـەو پیـاوە چـاوەڕوانی چـی دەکـات. کـاتێ گەیشتمە ئاستی، ئـەو بـەروو خۆشیەوە پێـی گـوتم: (ئـەوە دەچـیت بـۆ لای شـەوبۆ؟!). منـی منـداڵ سـەری ڕەزامەندیم بۆ لەقاند. ئەو بەپێکەنینەوە فـەرمووی لێکـردمو گـوتی: (شـەوبۆش هاتۆتـە لای مـنو دەیـەوێ وانـەی ماتمـاتیکی پێبڵـێم). مـن بەنەرمـە شـــەرمێکەوە چـــوومە ژوورەوە. دەرگەکـەی لـەدوای خۆیـەوە داخسـت. ماڵەکـەیان لـەدوو ژووری ئاسـایی پێکهاتبوو. ئەو لـەپێش منـەوە دەڕۆی، دەرگـەی ژوورێـك ئـاوەڵابوو، دەرگـەی ژوورەکـەی دیکـەش داخرابـوو. لەبـەر هەیوانەکـە ڕاوەسـتام، ئـەو بەپەنجـە ئامـاژەی بـۆ کـردمو گـوتی: (تـا شـەوبۆ بانگ دەکەم، تۆ بڕۆ ئەو ژوورە). منـیش چـــوومە ژووریّ. هـــەر بـــەپێوە ڕاوەسـتابووم، کـابرا هاتـەوە ژووریّ. دەرگەکـەی داخسـتو دانیشـت. ئـەوجار فەرمووی لێکردم، من ترسام. لەجێگـەی خـۆم ڕەق بـووم. ئـەو دەسـتی گـرتمو دایـنیشاندم. من زۆر شـەرمم لێکـرد، زۆر لـــەمن گـــەورەتر بـــوو. دەمـــم قرمـــا، نـەمتوانی پرسـیاری شـەبۆی لێبکـەم. کتێبەکـەی کـردەوە، تـۆزێ دەرسـی پێگوتم، سەیرم کرد زۆر بەوردی سـەیرم دەکـــات. مـــن هەڵدەلـــەرزیمو هـــیچ تێنەدەگەیشتم. لەوکاتەدا لەدەرگـە درا، ئەو یەکپێ هەڵسایەوەو گوتی: (لەوانەیە شـەوبۆ بـێ).بـەخێرایی چـوومە دەرێ. دەرگەکـەی داخسـت. مـن لەشـەرمانو لەترسـتاندا ئارەقـەم کردبـوو. چـەند خولـەکی پێچـوو، هاتـەوە ژووریّ، دوو فانتـای لەدەسـت بـوو، گـوتی: (شـەوبۆ هێنـایەتی، ئـەویش ئێسـتا دێتـەوە، میوانیـان هـاتووە). بـەو قسـانە تۆزێـك هێـور بوومـەوە. بـەزۆر دانەیـەك فانتـای دەرخـوارد دام، ئـیتر هەسـتم کـرد کـە دونیـا لەبـەر چـاوم ڕەش دەبـێ. دواتـر ئاگـام لـەخۆم بـڕا. کـاتێ بەهۆشـخۆم هاتمـەوە سـەیرم کـرد کـابرا لەتەکمـەوە ڕاکشابوو، دەستی بـەسمێڵی دادەهێنا. هەستم بەئازارێکی زۆر دەکـرد. ئـەو زۆر بەئاسایی لێمی دەڕوانی. بەپێکەنینـەوە پێیگـوتم: ئیـدی مـنو تـۆ بووینـە ژنو مێرد. من دەستم بەگریان کرد. بـەگریان بـەرەو مـاڵ چـوومەوە. کـاتێ چـوومەوە تـەنیا دایکم لـەماڵ بـوو. دیـاربوو زۆرم پێچوو بوو، پڕ بەدەنگی خۆی بەسەرمدا قیژانـدیو گـوتی: (کچـی بـێ ئـەدەب لـەکوێ بـووی؟، هێشـتا لـێم نـەداویت، بۆچی دەگری؟!). من نەمتوانی وەڵامـی بدەمـــەوە، بەپەلـــە خـــۆم خزانـــدە ژوورەکەی خـۆمو دەرگـەم لەسـەر خـۆم داخسـت. نـەموێرا دەرگـە بکەمـەوە. ئێـــوارەش خـــواردنم نـــەخوارد. ژانم گرتبوو. لەدڵەوە بـەکوڵ دەگریام. بـیرم لـەداهاتوو دەکـردەوە. دەمزانـی کارێـك ئـەنجام دراوە لێخۆشـبوونی نیـە. ڕۆژی دواتر بە ناچارییەوە دەرگـەم کـردەوە، چـــاوەکانم ئاوســـابوون، ســـوور هەڵگـــەڕابوون. دایکـــم هاتـــە ژووریّ، ویسـتی دڵنـەوایم بکـات، ئـەو وایـدەزانی لەترسـی ئـەو گریـاومو دەرگـەم لەسـەر خۆم کلۆم داوە. دەستێکی خسـتە سـەر سەرمو گوتی: (کچەکەم جارێکی دیکـە هێنـــدە دوانەکـــەویت. بـــاش نیـــە کـــچ ماڵانگـەڕ دەربچـێ). داوای لێکـردم بچم دەستو چاوم بشۆم. من خۆم هاویشـتە باوەشـیو لەپڕمـەی گریانمـدا. هەسـتم بەریسوابوونی خۆمو بنەماڵەکەم دەکرد. منێك دەستدرێژیم کرابووە سـەر، تـاوانم لێکرابـوو، کەچـی ئەوەنـدە بـۆ ئـابڕوو چوونو ناوزڕانو سووك بوون بەس بـوو. بەپێی یاسای خێڵ، یاسای کۆمەڵگەی پیاوسـالاری مـن تاوانبـاربوومو دەبوایـە سزای خۆم وەربگرم!. ناچار بـووم ڕازی دڵـم بـۆ دایکـم بـدرکێنم. هەنـدێ وردە قســـەم هەڵڕشـــتن، بـــەڵام دایکـــم تێمنەگەیشتو وای زانی خۆم ناسیوە، واتـــە خـــوێنم دیـــووە. بەســـۆزێکی دایکانـەوە پێیگـوتم: (کچـەکەم هـەموو کچێك ئەو خوێنە دەبینێ، مەترسە هیچ نیە!). من دەمزانی لەکۆمەڵگەی ئێمـەدا زۆرە، جارێکی دیکەش پرمەی گریانێکی بەکوڵم پێوا. دایکیشم ترسـاند. ڕاسـتی ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. دایکم دەسـتی بـەگریان کـرد. دواتـر پێمگـوت: (دایـە دەبـێ بکوژرێم؟!). ئـەو چـەپەڕۆکێکی لێـدامو گـوتی: (هـەش بەسـەر ئەگـەر پیـاوان بـزانن هـەردووکمان دەکوژرێن. مەگەر نازانی شەرەفو ناموسی بنەماڵـە بـەم چـۆرە خوێنـەوە بەنـدە!). دواتـر ڕێنـوێنی کـردم کـە لای کـەس ئـەم مەسـەلەیە بـاس نەکـەم. ئـەو بـەڵێنی پێدام خۆی چارەسەری دەکات.

چـــەند ڕۆژێـــك نـــەخۆش کـــەوتم. تاقیکردنـەوەی کۆتـایی سـاڵم بـۆ تـەواو نـەکرا. لەزۆربـەی وانـەکان دەرنەچووم. ئیتر مامەوە. دایکم لەلایەکەوە دڵنـەوایی دەکـــردم، لەلایـــەکی دیکەشـــەوە دەیترسـاندمو مـەرگی پێشـان دەدام. بـەڕۆژ شـەرم ڕاوی دەنـامو شـەوانەش مەرگ شالاوی بۆ دەهێنـام. نەمـدەزانی چیم لێدەکەنو چۆن چۆنی دەمکوژن. هیوام بەدوارۆژ نەمابوو. باوکمو براکانم لەکارەسـاتەکە ئاگـادار نەکرابوونـەوە. دەمزانـی لەگـەڵ ئاگـادار بوونـەوەیان، مـەرگم نزیـك دەبێتـەوە. دایکـم بـەدوای دەرفـەتێك دەگـەڕا تـا بەشـێوازێکی گونجاو ڕووداوەکـەیان بـۆ بگێڕێتـەوە. دایکـم هانـای بـۆ ئـەو کەسـە بـرد کـە تاوانەکـەی ئـەنجام دابـوو. هـەم ترسـاندبووی هـەمیش داوای لێکردبـوو بێتـە پـێشو ئـابڕووی تێکنراومـان هەڵبگرێتـــەوە. کـــابرا پەشـــیمانی پێشـاندابوو. بـەڵێنی دابـوو کـە بێتـە خوازبێنیم. من تەمەنم تـەنیا 13 سـاڵان بوو، ئەو 22 ساڵ لـەمن گـەورەتر بـوو. دواتـر دەسـتە ژنـانی خزمیـان هاتنـە ماڵمانو خوازبێنی منیـان کـرد. پیـاوانی ناسراو هاتنـە لای بـاوکم. بـاوکم خۆشـی بەو بنەماڵەیە نەدەهات، ئامادە نەدەبوو کچیان پێبدات. مـن منـداڵ بـووم قـازی مارەیی نەدەبڕیم، باوکم ئەو بیانۆیانـەی دەهێنـایـەوە, سـەرەنجام دایکـم ڕاسـتی ڕوداوەکەی بۆ باوکم باسـکردبوو. بـاوکم لەنێوان دوو بڕیاردا تیا مابوو، تەنیا مـن کـــچ بـــووم، ئەگـــەر دەکـــوژرام هـــەم کچـەکەیان دەڕۆیشـتو هـەم ئـابڕووی بنەماڵەکەیان. دەبوایە کـابراش بکـوژن، بەمـە دوژمنـداریو خوێنداریشـیان بـۆ دەمایـەوە. دایکـم قەناعـەتی بـە بـاوکم کردبـوو، بـەڵام دیسانیشـەوە ماڵـەبڕینو بەشـــوودان ئاســـان نـــەبوو. دەبوایـــە بەدزییـەوە لـەلای مـەلا مـارەبکرێم. مـن لـەنێو ئێشو ئـازاردا دەتلامـەوە. منێـك بەو تەمەنەوە، بـەو ڕەوشـەوە ڕەوانـەی باخـەڵی کەسـێکی دڕنـدە دەکـرام. ئـەو کەسە لەسەرەتای هەرزەکاریمەوە ژیانی لەبەرچـــاوان خســـتبووم. هاوســـەریو گوزەران لەگەڵیدا زەحمـەتو دژواربـوو. لەڕاستیشـدا تـەنیا تروسـکایی بـوو. مـن لـــەو نێـــوەدا بـــێ بڕیـــاربووم. ئەگـــەر شـــووکردنەکەم ڕەت دەکـــردەوە، بـــێ ســـێو دوو دەکـــوژرام. ئەگـــەر ڕازیـــش دەبووم، دەبوایە جەستەی ناسکی خـۆم لەخزمەت دڕندەو بکوژی ڕۆحم دابنـێم. گـــەورە پیـــاوانی هـــەردوو بنەماڵـــە بەکارەســـاتەکەیان زانیبـــوو. ئـــەوان لـەنێوان خۆیانـدا ڕێککـەوتن. لـەجیاتی دوژمنـــداری، ڕێگـــەی ئاشـــتبوونەوەو ســازانیان هەڵبــژارد. ســەرەنجام کــابرا ناچارکرا دوو خوێن بدا. خوێنی تکانـدنی ئـابڕوو، خـوێنی خواسـتنی ژنێـك. ئـەو زەماوەنـدە دەبوایـە بـەنهێنی بـەڕێوە بچـێ، ئەگـەر دەوڵـەت پێیبزانیایـە، هـەردوولا دەگـیرانو ڕەوانـەی زینـدان دەکران. شەوێك دەستی منیـان گرتـوو، منیان بردە ماڵی کابرا.



## گۆشەی دەدوون

**دونیا**

# بەکارهێنانی ماڵی دەوڵەت

خەڵکێکی زۆر هەن بەناوی پێشکەوتنی مەدەنیەت، عەولەمەو.. هتد ڕەخنـە لـەڕابردوو دەگـرن، گوایـە ئـەو زەمانـە بەسەرچـوو ئـەوان لافو گەزافیان پێوە لێدەداو ئەو شەهامەتو دڵسۆزیو دەست پـاکیو دوایـن پاکیـەی ئـەوان باسـی دەکـەن هـەمووی نیشـانەکانی کۆمەڵگـەی دەرەبـەگیو کۆنەپارێزەکانـە.. ئەوانـە دەڵـێن ئـەمڕۆ زەمـان زەمـانی تـەکنۆلۆژیاو ئینتەرنێتـە ئێـوە هەبوونایـە یـان نەبوونایـە ئێمـە هـەر دەگەیشتین بەم ڕۆژگارە لەبەر ئەوە هیچ ملکەچیو پابەندییەکمان نـابێ بۆ ئـەو بڕیارانـەی کە ئێـوە دەری دەکـەن.. ئـەو وڵاتـە، ئـەم هـەرێمو حکومەتـە، مـوڵکی گشـتییەو چـۆنمان بوێـت لـەچ کـاتو شـوێنێکدا پێویستیمان پێ بێت بۆخۆمان بەکاری دێنین... ڕەنگە ئـەو قسـەیە تـا ڕادەیـەك ڕاست بێـو جێگـەی خۆیشی بێت ئەگـەر بەیەکسـانیو بـەبێ جیـاوازی نێـوان خـەڵك پیـادەبکرێ، بـەڵام دیـارە وانییـەو زۆریشـی نایەکسـانی تێدایـە. با گـوێ لـەم قسـەیە بگـرین کـە دەڵـێن: یـەکێك لەخەلیفەکان خەریکی ئیشوکاری پیاوێك دەبێت لەشەوێکدا، هەتا ئـەوێ کـە کارەکـە پەیوەنـدی بەدەوڵەتـەوە هـەبوو مـۆمی دەوڵـەتی داگیرسـاندبوو، بـەڵام کـە ئیشـی دەوڵـەت نـەما مۆمەکـەی کوژانـدەوە، بەپیاوەکەی گوت: مۆمێکی بداتێ، تا کارەکەی لەبەردەمدا تەواو بکات. ئەمە مانای ئەوەیە کە موڵکی دەوڵەت نابێ لەپێناو یەکێك یـان کـارێکی شەخسیدا بەکار بهێنرێت.

ئێسـتا لای ئـەو خەڵکانـەی کـە لەسـەرەوە باسمـان کـرد ئـەوە حیکایەتی گوێێ ئاگردانەو گاڵتەیان بەو قسانە دێتو بە ڕەفتارو کرداری دواکـەوتووەکان وەسـفی دەکـەن. ئـەوان بـە بەرچـاوی هـەموو خـەڵکی کوردستانەوە ڕۆژانـە ئۆتۆمـۆبیلی فەرمانگـەکان سـەدان کـاری تایبـەتی ناوماڵو بازاڕو گەشتوگوزاری پێ دەکەن، هی وایان تیایە لـەدوای دەوام بەکرێ کاری پێ دەکات، نە شەرمو نەترسیان لەکەس نییەو وەکو بڵێـی بڕیارو یاسا شمولی ئەمان ناکات.. بەنەزەری بەرپرسو کاربەدەستەکانی ئێسـتا هەرکەسـێك بەڕێچـکەو ڕێـی ئـەو خەلیفەیـەدا بـڕوات یـەعنی بەپێچـەوانەی ڕێـڕەوی ئـاودا مەلـە دەکـاتو ڕەنگـە بـەجۆرێك لەجۆرەکانیش تۆمەتێکی بدەنە پاڵو، بەڵام خۆی پێشکەوتووخوازە کە چەندەها کاری سێکسـیو ناشـەرعی لـەناو دەزگاو سـەیارەی دەوڵەتـدا ئەنجام بدات، خـۆی دڵسـۆزە کـە چـەند پارچـە زەویو خـانوو، شـوقە، بەنزینخانـە، کارگـەی هـەبێت، بـە سـەدانو هـەزارانیش لەکرێچـیو بەکولەمەرگی ژیان بەرنەسەر، بۆخۆی ڕەوایە بچووکترین نەخۆشـی یـان بریـنداری هەبێت بە ئۆتۆمۆبیلو فڕۆکەی تایبەت بگەیـەنرێت بەئـەورووپا، چاوی خەڵکیش دەرچیو با منداڵەکانیان هەر هەتیو بکەون قەیناکـە... ئـەم حاڵەتـە لـەدەروونی خەڵکدا ڕۆژ بـەڕۆژ پـەنگ دەخواتـەوە لەگـەڵ هەموو خەمەکانی دیکەیاندا پێکـەوە تووڕەبـوون، یاخیبوونێك دروست دەکەن کە ئەنجامەکـەی ڕەنگـە بـەخراپ بکەوێتـەوە لەسـەر دەوڵـەتو کاربەدەستان. هەڵسەنگاندنی ئەو سلوكو ئسلوبە لەڕووی دەروونناسیو کۆمەڵناسـییەوە دیسـانەوە ئـەوەمان بـەبیر دێنێتـەوە کـە باوکێـك زۆر ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد پێـی دەگـوت کـە کوڕەکـەم پیاوبـە پیـاو. ئـەمیش دەیـووت بـاوە ئەوەنیـە خـەریکم دەبم بـە شـتو دەسـەڵاتدار. باوکەکە گوتی کوڕەکەم پیاوەتیو شـەهامەت بەدەسـەڵات نیـە، بـەڵکو بەخزمــەتو لێبــووردەیی، دڵفراوانیــە. ڕۆژگــار تێپــەڕی کوڕەکــە بــوو بەدەسەڵاتدارێکی گەورەو چەند پاسەوانێکی ناردو گوتی: بـڕۆن لـەفڵان شـوێن پیـاوێکی پـیر هەیـە، بیهێـنن، بـەڵام نـەیووت باوکمـە، ئـەمانیش دەڕۆن بەزۆر پیاوەکە دێننو کەرامەتی دەشکێنن، کاتێ کوڕەکەی بەمە دەزانێ کار لەکار ترازاوە... باوکەکە پێی دەڵێ: کـوڕم نـەمگوت پیاوبـە ئەمە پیاوەتییەکەتە؟... بەڕاستی ئێستا لای زۆرێك لەکاربەدەستان ئەو حاڵەتە هەیەو بەفعلی، چونکە لەڕووی شەرعو قانوونەوە خـەڵکی دایـكو باوكو خوشكو برای کاربەدەستن دەبێ وەفاداریو دڵسـۆزیو یەکسـانی بکـەن بەمەشـخەڵی کارەکانیـان لـەپێناوی ژیـانێکی باشـترو خـۆش گوزەراندا.

# بۆ منداڵەکانتان یاریگەی تایبەت فەراهەم بکەن

**ئا: کەلسوم**



نەبوونی یاریگە بۆ منداڵان لەم ڕۆژگارەدا بۆتـە کێشـەیەکی ئاشـکراو دیـار. ئەگەرلـە قەرەباڵغیو تێکچڕانی ژیانی ناو شارەکانو خانووبـەرەی بەیەکداچـووی گەڕەکـەکان، جـادەو کۆڵانـە تەسـكو تەنگەبـەرەکانی شارەکانمان بڕوانین، بۆیە هەست بەکێشـەی نەبوونی یاریگە دەکەین، بۆیە دایك پێش باوك لەسەرێتی بیر بکاتەوە شوێنێك بۆ یاریکردنی منداڵەکـەی دیـاری بکـات، وە هـەلی بـۆ بڕەخسێنێ تا ڕوژانـە بـەو مافـە سروشتیەی خـۆی بگـات، بەتایبـەتی ئەگـەر لەبـەردەم ماڵەکەیانو گەڕەکەکەیانـدا هـیچ گۆڕەپانێكو باخچـەیەکی تیـادا نـەبوو، تـا بـوار بـدات بەمنداڵەکـەی وزەی خـۆی خـاڵی بکاتـەوەو کـەمێك تێکـەڵ بـەهاوڕێکانی ببێـت، ئـەو منداڵانـــەی لەتەمـــەنی پـــێش چـــوونە قوتابخانەدانو هێشتا زۆرشت فێرنـەبوون تـا بتوانن خۆیان سەرقاڵ بکەن، پێویستە بـواری باشـیان بـۆ بڕەخسـێندرێ تـا بـەئارەزووی خۆیـان یـاری بکـەنو بجووڵێن، نـابێ بـەزۆر ناچـــاربکرێن لەیـــەك شـــوێندا، لەبـــەردەم تەلەفزیۆنـــدا، یـــان لەبـــەردەم دەرگایەکـــدا دابنیشنو جوڵەیان لێوە نەیـەت. دایك هەیـە بەمنداڵەکـەی دەڵێـت: (لێـــرە دابنیشـــەو هەڵنەستی لەجێگەی خۆت) ، یا نەچی بۆلای فڵانە منداڵ یان هەڕەشەی لێدەکاتو دەڵێت: خـوام بەوخوایـە شوشـەیەك یـان قاپێـك یـا پەنجەرەیـەك.. شـتێ بشـکێنی، یـان خـۆت پیس بکەی.

تۆپ باشـترینو خۆشەویسـترین بابـەتی یاری منداڵانە. دەتوانێ ببێتـە هـاوڕێی منـداڵ لەهـەموو شـوێنو هـەموو کاتێکـدا. منـداڵ پێویسـتە لەلایـەن دایکیـەوە شـوێنێکی بـۆ فەراهەم بکرێ تـا ڕۆژانـە کـەمێك یـاری تیـادا بکـات، چ بەتـەنیا یـان چ لەگـەڵ هاوڕێیەکیـدا بێـت. کەسـایەتی بـاش بـۆ منداڵەکـەت لەتەمـــەنی 3 ســـاڵی بـــۆ ســـەرەوە دەسـتپێدەکات کـە هـاوڕێی هـەبێت، منـداڵ بەتـەنیا زۆر خۆشـی لـەیاری وەرناگرێـت. هـەروەها پێویسـتە دایـك کارتۆنێـك بـۆ منداڵەکەی ئامادە بکات تا بابەتی یاریـەکانیو شـتومەکەکانی خـۆی هـەموو تێبکـات، تـا منداڵەکە هەستبکات شوێنی تایبـەت بـەخۆی هەیـەو کەسـی تـر بەشـدار نیـە لەگەڵیـدا، دەتوانێ لەسووچێکدا بۆی دابنێـتو بەوێنـەی جـوانی ئـاژەڵان بـۆی بڕازێنێتـەوە، ئـەو ئاژەڵانەی حەزدەکات منداڵەکـەی بیانناسـیو لێیان نەترسێت، هەروەها ناوی خـۆیو نـاوی ساڵو وەرزەکانو ڕۆژەکانی هەفتـەی لەسـەر بنووسێ، دایك نابێ بەبیانۆی ئەوەی دەسـتی گیراوە یان کـاری زۆرە منداڵەکـەی پشـتگوێ بخات. پێویستە ڕۆژانە کەمترین کات کـە نیـو کاتژمێرە دیاری بکـات تـا لەگـەڵ منداڵەکـەی بەشـــدار بێـــت لەیاریکردنـــداو. ئـــەو هەڵسـوکەوتانەی کـە پێویسـتە دایـك فێـری منداڵەکـەی بکـات، ئەگـەر لەگەڕەکەکەتانـدا شـوێنی یـاری نـەبوو زۆر پێویسـتە ڕۆژانـە دەسـتی منداڵەکـەت بگـریو بیبـەیت بـۆ باخچـەیەك یـان شـوێنێکی تایبـەتی بێـت بەمنداڵان، تا کـەمێك خـۆی بـەتاڵ بکاتـەوەو چاو و مێشكو هەستونەستی پڕبکـات لـەکارو هەڵسـوکەوتی نـوێو خـۆی دڵخـۆش بکـات، دەبێ ئەوە بزانیت یاریی باشترین خۆراکـە بـۆ گەشەی مێشكو جەستەی منداڵەکەت.